# ئەو کاتەی عەشق دەمرێت

ڕانانی: محەمەد کوردۆ

(ئەو کاتەی عەشق دەمرێت)، ڕۆمانێکی (160) لاپەڕەیی نوسەری پڕبەرهەمی ئەمریکایی (دانییل ستیل)ە، کە لە (13) بەش پێکهاتووە و لەلایەن (حەمە عەبدوڵا)وە، لە فارسییەوە کراوە بە کوردی و (شێمحەمەدی باڵەك) پێیدا چۆتەوە و (بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر) بە هاوبەشی لەگەڵ (دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی)، لە ساڵی (2011)دا چاپی کردووە. بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ژن و پیاوێکی گەنجە بە ناوەکانی (ڕابێرت) و (جین)، کە بە خۆشەویستی خێزانیان پێکەوە ناوە و گەیشتوونەتە ناو دڵی خۆشبەختی، بەڵام بە داخەوە، خۆشبەختییەکەیان زۆر درێژە ناکێشێت، بەڵکو لە کاتێکدا کە هێشتا (ڕابێرت) لە لوتکەی عیشقەکەیدایە، (جین) زۆر دڵڕەقانە جێی دەهێڵێت و لێی جیادەبێتەوە و دڵ بە کوڕێك دەدات بە ناوی (بێرنارد شاو). لە لاپەڕە (11) دا (ڕابێرت) دەپرسێت» بۆچی من بوومە تاکە قوربانی ئەم عەشقە؟ مەگەر من ڕێگایەکی هەڵەم بڕیبوو». ئاخۆ مەرجە هەموو قوربانیبەك ڕێیەکی هەڵەی بڕیبێت؟ بێگومان نەخێر. هەندێجار مرۆڤ نانی هەڵەی خەڵکی دیکە دەخوات و هەندێجاریش باجی لێهاتوویی خەڵکی دیکە دەدات. دەشێت ئەو کەسەی دڵی خۆی بە ئێمە دەبەخشێت، لە ئەنجامی هەڵەی کەسێکدا کە ئازاری پێ گەیاندووە گەیشتبێت بەو بڕوایەی کەسێکی دی، تاقی بکاتەوە، کە ئێمەین. هەندێجاریش دەگونجێت کەسێکی دیکە هۆکاری بردنی دڵی ئەو کەسە بێت کە ئێمە خۆشمان ویستووە. لە لاپەڕە (115)دا خانمی (برانسۆن) کە دایکی (ڕابێرت)ە، بە




هیوای ئەوەی بتوانێت (جین) ڕازیی بکات ئامادەی منداڵ دروستکردن بێت، پێی دەڵێت: ”کچم جین، دایکت ڕاست دەکات. ئێمەش لەم ئاخرەی پیرییەوە، ئارەزوومانە نەوەکانمان ببینین و لە دنیا بڕۆین. چۆن دڵتان دێ، نائومێدمان بکەن“، ئاخۆ هەموو مرۆڤەکان وەکو یەك نائومێدکردن بە کارێکی سەخت و کوشندە دەزانن؟ بێگومان نەخێر. لای هەندێ کەس نائومێدکردن هونەرێکی هەرزانە، با قورسیش لەسەر کەسی بەرامبەر بکەوێت. هەندێجار ئەم هونەرە هەرزانە زۆر بێدەربەستانە تاقیدەکرێتەوە. ئەوەتا (جین)، (ڕابێرت) و دوو خێزان، کە ماڵی باوکی و ماڵی (ڕابێرت)ە، نائومێد دەکات. ئەم نائومێدکردنەش تەنها بەوە نا، کە ناهێڵێت منداڵی ببێت، بەڵکو بەوە کە زۆر دڵڕەقانە و لە کاتێکدا هێشتا (ڕابێرت) لە ترۆپکی عیشقی ئەودا گۆڕانی بۆ ژیانی هاوبەش دەچڕێت، جێیدەهێڵێت و دەچێت لەگەڵ (بێرنارد شاو)دا دەژی. چیرۆکی خۆشەویستی و پێکگەیشتن و لێکجیابوونەوەی (ڕابێرت) و (جین)، بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و

لە پاڵیدا بابەتێکی لاوەکییش هەیە کە بایەخ و چێژی بۆ خوێنەر لە بابەتە سەرەکییەکە، ئەگەر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. ئەویش چیرۆکی خۆشەویستی و هاوسەرگیری (ئاندراس)ی هاوڕێی ڕابێرت و (مێگان) ە، کە ئەو چیرۆکەش بە خۆشبەختی دەست پێدەکات و بە نەهامەتی کۆتایی دێت. (مێگان) توشی شێرپەنجە دەبێت و لە دوا شەو و لە دواین چرکەساتەکاندا "-ئاندراس- سەری -مێگان- دەخاتە سەر سنگی و لە حاڵێکدا قژە ئاڵتونییەکانی بۆن دەکات، دڵۆپە فرمێسکەکانی لە لابەلای قژەکانیدا دەڕێژێ. ماوەیەك بەم شێوەیە تێدەپەڕێ و دیار نابێ، کە چەند دەمژمێرێك بەو شێوەیە لە باوەشی یەکدا دەبن. کە لە ناکاو -ئاندراس- لە خەو ڕادەپەڕێ و باسکی لە ژێر سەری -مێگان-دا سڕ بووە، دەیەوێ لە سەرخۆ لە ژێر سەری دەری بێنێ، کە -مێگان- بە ئارامی دەکەوێت بە لایەکدا. دیمەنێك کە -ئاندراس- دەیبینێ، لە ناکاو دەیخاتە لەرزین. ئاباژووی سەرووی سیسەمەکە دادەگیرسێنێ، دەستێك بە جەستەی -مێگان-دا دەهێنێ، بەڵام دەڵێی کە -مێگان- ساڵانێکە گیانی سپاردووە. جەستەی سارده و هەست بە نیشانەیەکی ژیان لە جەستە لەڕ و لاوازەکەی ژنەی بێچارەدا ناکرێت. چەندین جار بە نزمی بانگی دەکات و دەیجوڵێنێ، بەڵام -مێگان- بۆ هەمیشە خەوتووە. هێشتا زەردەخەنە شیرینەکەی ، کە نیشانەی قایلبوونی بووە، لە سەر لێوەکانی دەبینرێ. ئەسڵەن بە مردووەکان ناچێ، دەڵێی خەوتووە. -ئاندراس- نازانێ بگریەت یان هاوار بکات. ماوەیەك وەکو پەیکەرەکان تەماشای دەکات و دواتر وەك ئەوەی تازە لە خەو هەستابێ، جەنازە ساردەکەی -مێگان- لە ئامێز دەگرێت و بە دەنگی بەرز دەگری. لە حاڵێکدا ئەو بە توندی لە باوەش دەگووشێت، دەڵێت: جوانکیلەکەم، ئازیزەکەم، ئەی تۆ شەو منت ئومێدەوار نەکرد. ئاخر من دیاری ساڵانەی زەماوەندم بۆ کڕیبووی، -مێگان- ئازیزەکەم تکا ئەکەم یەك جاریکە چاوەکانت بکەوە. تەماشاکە ئەمشەو خۆشەویسترین هاوڕێمان میوانی ئێمەیە- ل145-146". دوای ئەوەی (ئاندراس) دەیەوێت ئاگر لە ماڵەکەی بەربدات و خۆی بکوژێ، تاکو لەو ڕێگەیەوە بە (مێگان) بگات، ئیدی (ڕابێرت) ناچاری دەکات ماڵەکە و شارەکەش جێبهێڵێت و بچێتە نیویۆرك، لەوێ دێتەوە سەر خۆی، وەلێ هێشتا ئەنگوستیلە و سندوقی مکیاژ و جلە گوڵدارەکەی (مێگان)ی پێدەبێت کە لە هەموو جلەکانی تری زیاتر بە دڵی بووە. بە دەستپێکردنی کار لە نیویۆرك و دووری لە ماڵەکەی، (ئاندراس) ڕۆحیەی ڕابردووی بۆ دەگەڕێتەوە. بەڵام سوێند دەخوات کە جارێکی تر هاوسەرگیری نەکات و بە عەشق و وەفادارییەوە پابەندی پەیوەندی پیرۆزی (مێگان) بێت و تا کۆتایی تەمەن بە زگورتی بمێنێتەوە و پاك و بێخەوش بڕواتە لای. دواجار "ئەو پاداشت و داهاتە زۆرەی کە لە مەودای کارەکەیدا لە کالیفۆرنیا بە دەستی هێناوە، لە دامەزراندنی قوتابخانەیەکدا خەرجدەکات و ناوی قوتابخانەکە بە ناوی (مێگان) ەوە ناو دەنێت و پێشکەشی منداڵانی کەڕو لاڵی دەکات- ل149".

وەك دەبینین هەر دوو چیرۆکەکە بە شێوەیەکی تراژیدی و ئازاراویی کۆتاییان پێ دێت، بەڵام بە جیاوازییەکی گەورەوە، کە بریتییە لەوەی لە چیرۆکی یەکەمدا هەردوو پاڵەوانەکە (ڕابێرت و جین) بە زیندوویی دەمێننەوە، بەڵام خۆشەویستییەکەیان دەمرێت. کەچی لە چیرۆکی دووەمدا یەکێك لە پاڵەوانەکان کە (مێگان)ە دەمرێت، بەڵام خۆشەویستییەکەیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە نوسەر لەگەڵ گێڕانەوەیەکی تا ڕادەیەك تەقلیدی و سادەدا، توانیویەتی بەو هێزە گەورەیەی لە دروستکردنی ڕووداودا هەیەتی، کارێك بکات مرۆڤ بە تاسە و تینوێتییەوە لەگەڵ ڕۆمانەکەدا بڕوات. ڕەنگە هەر ئەمەش یەکێك لە نهێنییەکانی پڕفرۆشیی ڕۆمانەکانی ئەم نوسەرە بێت. لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکاییدا کە ساڵی (2005) لەگەڵ نوسەر ئەنجام دراوە، ئەم زانیارییانە تۆمار کراون: "دانییڵ ستیل کە لە دایکبووی (1947)ی (نیۆرك)ە، خاوەنی (113) ڕۆمانە و بە پێی سەرژمێرییەك ڕۆمانەکانی ئەم نوسەرە بە (28) زمان، زیاتر لە (800) ملیۆن نوسخەیان لێ فرۆشراوە، بەوەش بووە بە هەشتەم نوسەری پڕفرۆش لە مێژوودا". دواجار دەمەوێت بڵێم: ناونیشانی ئەم ڕۆمانە (ئەو کاتەی عەشق دەمرێت)، مرۆڤ ڕادەچڵەکێنێت، چونکە لە ڕاستییدا کۆتایی ژیان ئەو کاتە نییە کە مرۆڤ دەمرێت، بەڵکو ئەو کاتەیە کە عیشق دەمرێت، خۆزگە مرۆڤ بمردایە، بەڵام عیشق نا.



